IDEA
DIPLOMATIC

# فایلی

# خۆپیشاندانەکانی عێراق

ئامادەکردنی:
سابیر عەبدوڵڵا کەریم
کارزان غەفوور

IDEA
DIPLOMATIC

# خۆپیشاندانەکانی عێراق و گێژاوی دەوڵەتداریی ناژیرانە

## کارەسات کاتێکە هاوڵاتی هیچ متمانەیەکی بە چاکسازی نامێنێت





ساتع ڕاجی

**ئێمە لێرەدا پێویستیمان بە گوتنی چەند وتەیەکی ڕەها هەیە لە هەوڵدانمان بۆ تێگەییشتن لە قەیرانی دەوڵەتداری لە عێراق. یەکێك لەم وتانە ئەمەیە، دەوڵەت (هەر دەوڵەتێك) ناکرێت تەنها لەو کاتەدا سەرکەوتوو بێت، کە لەگەڵ سەردەمی شارستانی گشتیدا دەستوپەنجەی نەرم کردبێت، لەبەر ئەوەی کە لە بۆشایی یان دابڕاندا ناژی، نە لە کۆمەڵگەکەی خۆی کە پەیوەستە بە یاساکانی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و نە لە ژینگەی نێودەوڵەتی. واتا دەوڵەت لە ئەنجامی هەبوونی بۆشایی لەگەڵ کۆمەڵگەکەیدا هەرەس ناهێنێت، بەڵکوو ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت هەمووی دەرئەنجامی هەلومەرجێکی مێژوویی و شارستانییە.**

قەیرانی هەنووکەیی عێراق بریتییە لە قەیرانی دەرکەوتنی دەوڵەتێک، کە خۆی زاڵ دەکات بە سەر خواست و ئامانجەکانی حیزبەکان و گروپە چەکدارەکان و مافیاکاندا، دەوڵەتێکە دەیەوێت خواست و داواکارییەکانی هاوڵاتییان دابین بکات، کە سنووری هێزە سیاسییەکان و دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکانیان تێپەڕاندوە و زۆر باش پێویستی و خواستەکانی خۆیان دەزانن لە ڕێگەی بەرزکرنەوەی دروشمی (نیشتمانمان دەوێت)، ئەمەیش مانای وایە عەشیرەت و تائیفە و حیزب و باند و مافیای چەکدار هەموویان شکستیان خواردوە و لە دابینکردنی ژیانکردن بۆ هاوڵاتییان، لەبەر ئەوەی کە ئەم ژیانە نوێیە پێویستی بە دەوڵەتێکی مۆدێرن هەیە، نەک لەوە کەمتر، هاوڵاتیی عێراقیش لە ماوەیەکی کەمدا لە واتا و دەرئەنجامەکانی پێداگریکردنی لە سەر سەرهەڵدان و دروستبوونی دەوڵەتێکی مۆدێرن تێگەییشتوە. ئەوە دەوڵەتی هاوڵاتیبوونە، ئەم هاوڵاتییە چاک دەزانێت، کە خواستی دروستکردنی دەوڵەتی مۆدێرن مەترسیی ئەوەی هەیە سەر بکێشێت بۆ دۆخی پاشاگەردانی یان هەنگاونان بەرەو دیکتاتۆریەت، هەر وەک لە ئەزموونی ڕابردووی عێراق و دەوڵەتە دراوسێکانیدا ڕووی داوە، بەڵام هەبوونی متمانە بە هێزی کاریگەری میکانیزم و ڕەوتی هاوسەردەمیبوون لە هەموو مەترسییەکان گەورەترە، هەروەها باوەڕبوون بە پێویستی سەرکێشیکردن لە پێناو چوونەناو سەردەمی هاوچەرخەوە بە شێوەیەکی کرداری و بە ڕوح و فیکرەوە تەنها ئامراز نییە، هەر ئەمەیە کە پاڵ بە هاوڵاتییانەوە دەنێت تا سەرکێشی بکەن و داوای مافەکانیان بکەن.

شانزە ساڵ بەسە تا ڕوون بێتەوە، کە کەرەستەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی مۆدێرن خراپە و ئەوەی پشت بەو کەرەستە خراپ و بەسەرچوانە ببەستێت پێویستە بەرگەی دەرئەنجامەکانی داڕووخانی سەربانە قورسەکان بە سەر سەریدا بگرێت، هۆشدارییەکانی بۆ هاوڵاتییان و ترساندنیان لە ئەنجامەکانی هەرەسهێنان دادی نادات. زۆرێک لە گەلان سوور بوون لە سەر نەک بە تەنها ڕووخاندنی کۆشک، بەڵکوو تێکدان و ڕووخاندنی تەنانەت پەرستگاکانیش بە سەر سەری ئەوانەی تیایدان و بازرگانیشی تێدا دەکەن. پێویستی و خواستە هاوچەرخەکانی هاوڵاتییان تەنها لە سایەی دەوڵەتێکی مۆدێرندا نەبێت بەدی نایات، بە جۆرێک کە سەردە مێژووییەکان تێبپەڕێنێت و فرەجۆری چەک ڕەت بکاتەوە، دەوڵەتێک بێت کە هاوکێشەی دەمارگیری خەڵدوونی تێپەڕێنێت و بە سەریدا زاڵ بێت،

## بیۆگرافیای عەلی سیستانی (مەرجەعی باڵای شیعەکان لە عێراق)





| | |
|---|---|
| ناوی تەواوی | ئایەتوڵڵا (عەلی ئەلحسێنی سیستانی) |
| پێگەی دیینی | یەکێکە لە گەورەترین مەرجەعەکانی شیعە لە جیهاندا، لە شاری نەجەف ژیانێکی زۆر ئاسایی بەسەر دەبات |
| ساڵی لەدایک بوون | 4ی ئابی ساڵی 1930 |
| شوێنی لەدایکبوون | شاری مەشهەد – خۆرهەڵاتی ئێران |
| هەڵکەوتنی | سیستانی لەناو خێزانێکی ئایینپەروەر و پابەند گەورە بووە، کە چەندین پیاوی ئایینی تێدا پەروەردە کراوە |
| نازناوی سیستانی | دەگەڕێتەوە بۆ شاری سیستانی باشوری خۆرهەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران، کە لە شوێنی لەدایك بوونی نزیکە |
| هۆکاری پۆشینی عەمامەی ڕەش | ئەو عەمامە ڕەشەی دەیپۆشێت ئاماژەیە بۆ ئەوەی ڕەچەڵەکی بنەماڵەکەیان دەچێتەوە سەر ئیمام عەلی کوڕی ئەبی تالیب (چوارەم خەلیفەی ئیسلام) |
| سەرەتای فێربوون و پلەی زانستی | ساڵی 1941 باوکی ئاراستەی کردووە بۆ خوێندنی زانستی حەوزەی شیعی و ئامادەی وانەکانی زانای شیعە میرزا مەهدی ئەسفەهانی و میرزا هاشم قەزوینی بووە و لە ڕووی زانستی دینییەوە پێگەیشتووە. ساڵی 1951 شاری قومی بەرەو نەجەف جێهێشتووە و بووەتە قوتابی زانایانی شیعە ئەبولقاسم ئەلخوئی و حسێن ئەلحلی |
| بەرپرسیارێتی دیینی | لە دوای مردنی ئەلخوئی لە ساڵی 1992، سیستانی بەرپرسیارێتی کاروباری مەرجەعیەت و حەوزەی عیلمی لە نەجەف گرتە دەست |
| کاروانی سیاسی | بە پێی لایەنگرەکانی، سیستانی نایەوێت بەشداری هیچ ڕێکخراوو کارێکی سیاسیی بکات و ئامادەش نییە چاوپێکەوتن لەگەڵ هیچ کەسایەتیەکی ئەمەریکیدا بکات. لە سەردەمی حوکمی سەدام حسێن بەشداری سیاسەتی نەکردووە و لەبەر ئەوەی چۆکی بۆ داواکانی حکومەتی بەعس دانەداوە لەو سەردەمەدا لەژێر چاودێری و هێشتنەوەی بەزۆردا بووە |
| قۆناغی دوای ڕووخانی بەعس | ناوو پێگەی سیستانی لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس زیاتر دەرکەوت بەهۆی هەڵوێستە شایستەکانیەوە، کە نەیارەکانی پێیانوایە پاڵپشتی لە پرۆژەی ئەمەریکا لە عێراق دەکات. سیستانی لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوو پرۆسەی سیاسی عێراقدا  توانیویەتی کۆنترۆڵی زۆرێك لەو گروپ و جووڵانەوە شیعییانە بکات، کە لە دەرکەوتوون |
| بەرهەمەکانی | سیستانی ژمارەیەك کتێب و توێژینەوەی نوسیوە، گرنگترینیان (منهاج الصالحين)، شرح العروه الوپقى، الرافد فى غلم الاصول و چەندین کتێبی تریش |

دەوڵەتێک کە هەموان تێیدا بە ڕاستی هاوڵاتی بن، نە سەر گەورەی تێدا بێت و نە کۆیلە، لە سایەیدا هیچ کەس و گروپێک لە سەرووی یاساوە نەبن، دەوڵەتێک بێت دەستەوتاقمێکی پیرۆزی تێدا نەبێت، کە بە چەکە ماددی و مەعنەوییەکانیان کێبڕکێ لەگەڵ هاوڵاتییاندا بکەن لە لێواری شەقامەکانیان و خانوە هەڕەمەکییەکانیان. ئەمانە دروشم نین، بەڵکوو شتانێکن پێویستە هێزەکانی سەر بە دەسەڵات لە پێش هاوڵاتییان بیزانن، هەر لەبەر ئەمەیە، دەوڵەت بەپەلە کەوتوەتە ئاسانکاریکردن بۆ لێپێچینەوەی یاسایی لە هەندێک لەوانەی گرنگی تایبەتیان پێ دراوە، بەڵام ئێستا داواکارییە جەماوەرییەکان وا دەخوازێت، کە هەموان چۆک بۆ یاسا دابدەن. کۆمەڵگا لە زۆریوبۆریی پیرۆزکراوە سیاسییەکان بێزار بوو، ئەوانەی کە گاڵتە بە یاساکان دەکەن و دارودەستە و فەرمانبەرە بچووکەکانیان دەنێرن بۆ لێپرسینەوە کاتێک قەیرانەکە پەرە دەسێنێت. هەر چەندێک تەمەنی داماڵینی پیرۆزی کورتتر بێت، تووڕەیی کەمترە و زیانەکانی هەرەسهێنان سنووردار و کەمترە، هەروەها ئاستی تۆڵەسەندنەوەش کەمترە.

**سەرچاوە:**

**سایتی ڕۆژنامەی (الصباح)ی عێراقی**



IDEA
DIPLOMATIC

# تەونی هەزاران ساڵەی شارستانیەتی عێراق

## چارەنووسێکی نادیار و فەرمانڕەوایەتیەکی شکستخواردوو



**لە حەوت ساڵی ڕابردوودا بەغدا و چەند شارێکی تری باشوور، نارەزاییی جەماوەریی بەهێزیان بەخۆوە بینی، لە دژی بێکاری، خراپیی خزمەتگوزاری، گەندەڵی و لەدەستدانی یاسا.**
**خۆپیشاندانەکانی عێراق لە هاوینی ساڵی 2012 و هاوینی ساڵی 2015 و ساڵی 2018 و دواترینیان خۆپیشانەکانی تشرینی 2019 بەدەر نەبوون لە توندوتیژی و دەستدرێژیکردنە سەر دامودەزگا و موڵکی گشتی و تایبەتی. کە لە ڕووی شێواز و ناوەرۆك و سەرجەم داواکارییەکانەوە. ئەو خۆپیشاندانانە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لە نێواندا نییە.**

کەسێک ناتوانێت گومان لە شەرعیەتبوونی داواکارییەکانی جەماوەری عێراق هەبێت، لەبەر ئەوەی خۆپیشاندانەکان نوێنەرایەتیی ئاستێکی شاییستەی خواستەکانی خەڵک دەکەن، جگە لەوەی سەقفی واقیعییانەیە بۆ پیشاندانی پێداویستییەکانی ژیانی خەڵک، کە دەبێت هاوڵاتی لە هەر دەوڵەتێکدا بۆی دەستەبەر بکرێت.

وەک باوە خۆپیشاندانی ئاشتیخوازانە، شێوازێکە بۆ فشارخستنە سەر حکوومەتەکان بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو قەیرانانەی بەرۆکی وڵاتیان گرتوە، هەروەها ڕێگەیەکە بۆ گەییشتن بە وەڵامدانەوەی خواستە ڕەواکانی خەڵک و کەمکردنەوەی ڕێژەی بێباکییەکان. پێدەچێت مەترسیی ڕاستەقینە بە کەمی و وردەوردە سەر هەڵبدات، بە جۆرێک کە لەگەڵ ئاڕاستە و ڕەوتە ئاشتییانەییەکاندا پێچەوانەیە، بەڵکوو هەوڵ دەدات بۆ تێکەڵکردنی کارتەکان و زیادکردنی قەیرانەکان، بۆیە ئەوەی لێی دەکەوێتەوە لادانی خۆپیشاندانەکانە لە ڕێڕەوی ئاشتییانەی ، کە کوشتن و وێرانکردنی بە دوادا دێت.

گەورە مەرجەعی دینی لە نەجەف لە ڕێگەی بڵندگۆی نوێژی هەینی لە حسێنییەکانەوە بانگەشەی کردوە بۆ پێویستتی پابەندبوون بە شێوازی ئاشتییانەی خۆپیشاندانەکان و خۆپاراستن لە پاشاگەردانی و هێرشکردنە سەر سەروەریی یاسا و پەنابردن بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی و وێرانکردنی دامودەزگا فەرمییەکان. پێداگریی لە سەر ئەوەیش کردوە، «چاکسازیی ڕاستەقینە و گۆڕانی چاوەڕوانکراو لە سیستمی بەڕێوەبردنی عێراق پێویستە بە ئاشتییانە بدرێت، نەک توندوتیژی و پاشاگەردانی. ئەوەی داواکاریی ڕەوای هەیە، لە هەمان کاتیشدا دەتوانێت هەست بە بەرپرسیارێتی بکات لە بەرانبەر گیانی خەڵک و بەرژەوەندییەکانیان و دامودەزگاکانیش، بۆیە ناکرێت کەمەندکێش بکرێت بۆ ناو ئاگری پاشاگەردانی و پێشێلکردنی یاساکان، چونکە لەگەڵ جەوهەر و ناوەرۆکی داواکارییەکانی خۆپیشاندەران یەک ناگرێتەوە. پێدەچێت هەڵچوونی هەندێک خەڵک و سروشتی فشارەکان و هەلومەرجی ژیان و فشارە سایکۆلۆژییەکان، کە بە دەستییانەوە دەناڵێنن، یەکێکی تر بێت لەو فاکتەرانەی لە پشت بەشێک لەو پاشاگەردانییەی خۆپیشاندانەکان وەستاون.

هەموو ئەو کاربەدەست و سەرکردانەی ئەمڕۆ حکومی عێراق دەکەن، لە سەردەمی ڕژێمی دیکتاتۆریدا لە دەرەوە بوون، بەڵام لە دوای 2003 دەسەڵاتیان ڕادەست کرا، لە کاتێکدا ئەوان خۆیان بە خاوەن

## بیۆگرافیای خۆپیشاندانەکانی عێراق 2019



| دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان | یەکی تشرینی یەکەمی 2019 |
|---|---|
| عێراقییەکان بە چی ناوزەدیان کردوە | شۆڕشی بیستی دووەم |
| ڕووبەری جوگرافی | بەغدای پایتەخت و 7 پارێزگای عێراقی گرتۆتەوە |
| گرنگترین داواکاری و ئامانجەکانی | دابینکردنی خزمەتگوزاریە سەرەکییەکان<br>دابینکردنی دەرفەتی کار<br>چوونە دەرەوەی ئێران لە عێراق<br>گۆڕینی سیستمی پەرلەمانی بۆ کۆماری<br>هەموارکردنەوەی دەستوری عێراق<br>ئەنجامدانی چاکسازی و دادگایی کردنی بەرپرسە گەندەڵەکان |
| گرنگترین هۆکارەکانی | کەمبوونەوەی تەزووی کارەبا<br>خراپی ئاوی خواردنەوە و بەرزبونەوەی بێکاری و هەژاری<br>خراپی خزمەتگوزارییە تەندروستی و کۆمەلایەتییەکان<br>زۆربوونی میلیشاکانی سەر بە ئێران<br>کۆنترۆڵکردنی ئابووری عێراق لە لایەن ئێرانەوە |
| دیارترین پێگەکانی خۆپیشاندەران | گۆڕەپانی تەحریر، بینای چێشتخانەی تورکی، گۆڕەپانی (الخلانی) |
| ژمارەی کوژراوەکان تا 2ی کانوونی یەکەمی 2019 | نزیکەی (400) کوژراو هەیە زۆرینەیان گەنجن |
| ژمارەی بریندارەکان تا 20ی تشرینی دووەم | زیاتر لە (19000) بریندار لە سەرجەم پارێزگاکاندا بە سەدان کەسیش دەستگیر کراون |
| دیارترین فشار و لێکەوتەکانی لەسەر حکوومەتی عێراق | بە گشتی تووڕەیی و بەهێزی خۆپیشاندانەکان حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی ناچار کرد کۆمەڵێک بڕیاری بە پەلە دەربکات بە ئاراستەی ئەنجامدانی چاکسازی و لێپرسینەوە لە گەندەڵکاران و دامەزراندنی گەنجان و چاککردنی ئاستی خزمەتگوزاریە بنەڕەتییەکان |

حەق و قوربانی دەزانی، پاشان لە ناو سایکۆلۆژیای ئەم خۆ بە قوربانی زانینەوە هەستی خۆبەخاوەن ماف و بەدەستهێنانی پشکی هەرە گەورەی کێکی دەسەڵات و سامای عێراقیان لە لا دروست بوو، چونکە پێیان وا بوو ملیۆنان هاوڵاتیی عێراقی یان سەر بو ڕژێم بوون یان ملکەچی بوون، بەڵکوو بە دیدگای ئەوان ئەو ملیۆنان عێراقییە مافی هاوڵاتیبوونیان نییە. لەم سۆنگەیەوە هەستکردنی ئەو کاربەدەستە تازانە بە خۆبەخاوەن مافهەڵێنان تا ئەو ئاستەی عێراق بە موڵکی خۆیان بزانن، هەر بۆیە لە نێوان خۆیاندا دابەشیان کرد و کەوتنە کۆکردنەوەی سامان و لەو 16 ساڵەی ڕابردوودا بەوپەڕی خۆیان و ماڵومنداڵیان ڕەفاهیەتەوە ژیاون، ئەوەیش لە سەر حسابی 7 ملیۆن عێراقی، کە لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین، لەگەڵ ئەوەی کە داهاتەکانی نەوتی عێراق لەو ماوەیەدا یەک تریلیۆن دۆلار بوە (هەزار ملیار دۆلار)، کە بەسە بۆ بونیادنانەوەی دەوڵەتێک کە لە شەڕێکی کارەساتبار دەربازی بوە.

لە ئەنجامی ئەم هاوکێشە ئاڵۆزە و کارلێککردنە سایکۆلۆژییەدا، بێدەرەتانیی هاوڵاتی و ستەمکاریی فەرمانڕەوا بەرجەستە بوە، کە یارمەتیدەر بوە لە گۆڕینی دەسەڵاتداری سیاسی بۆ کەسێکی ستەمکار، بۆ نموونە لە لای دەسەڵاتدارەکان و سەرکردەی حیزبەکانی ئیسلامی سیاسیی بڕوایەک دروست بوە واتاکەی ئەمەیە: لە ڕووی ڕۆحییەوە خەڵکی بە کۆیلە بکەن. لە ڕاستیدا تاکڕەویکردنی فەرمانڕەواکانی ناوچەی سەوز بە دەسەڵات و سامانی عێراق، هەروەها دابەشکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت لە نێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکان و سەرۆکی کوتلەکان و گروپ و تاقمە چەکدارەکاندا و گۆڕینی عێراق بۆ وڵاتێکی تاڕێنی سەلیقە و داهێنانەکان، ئەو هەستەی لێوە دروست بوە، کە بە ملیۆنان هاوڵاتی بێبەش کراون لە مافی ڕەوای خۆیان لە خێروبێری نیشتمان، بەڵام دەرئەنجامەکەی ئەو کاردانەوە بەهێزەی گەنجان و ئازادیخوازانی عێراقە، کە لە شەقامەکاندا دەبینرێت و عەرشی دەسەڵاتدارانی لەرزاند. ئێستا دۆخەکە لە سایەی هاوکێشەیەکی دوو جەمسەری سایکۆلۆژی – کۆمەڵایەتیدا تەقیوەتەوە، کە لە ئەنجامی دروستبوونی کەلێنێکی فیکری و گاپێکی قووڵ لە نێوان نەوەی دەسەڵاتداران و نەوەی گەنجانی نوێدا دروست بوە، لە نێوان عەقڵێکی سیاسیی پڕ قەیران و داخراو و وابەستەی ڕابردوو، لەگەڵ عەقڵێکی گەنجانەی ژیر و کراوەدا، کە بۆ ئایندەیەکی گەش دەڕوانێت، بەم شێوەیەیش ئەوان دوو نەوەن، کە هەرگیز یەک ناگرنەوە و بەردەوام بەریەککەوتن لە نێوانیاندا ڕوو دەدات.

**گەورە مەرجەعی دینی لە نەجەف لە ڕێگەی بڵندگۆی نوێژی هەینی لە حسێنییەکانەوە بانگەشەی کردوە بۆ پێویستی پابەندبوون بە شێوازی ئاشتییانەی خۆپیشاندانەکان و خۆپاراستن لە پاشاگەردانی و هێرشکردنە سەر سەرووەریی یاسا**

پرسیارە جەوهەرییە ئەمەیە: ئەمە چۆن ڕووی دا، واتە ئەم خۆڕادەستکردنە بە ڕاپەڕینێکی داستانئاسا؟

بێ گومان کۆمەڵگەی عێراقی تووشی بێئومێدی بوە و متمانەی بە گۆڕانکاری نەماوە، کە لە ڕابردوودا کۆمەڵگەیەکی پڕ ململانێ و ناسەقامگیری دروست کردوە، هەروەها لە پرۆسەی سیاسییش بێهیوا بوە، کە هاوکار بوە لە دروستبوونی دردۆنگی و دابڕان لە نێوان پێکهاتەکاندا و ڕووبەری ململانێکانی فراوانتر کرد،

لـە کاتێکـدا حیزبـە سیاسـییەکان کۆنترۆڵـی بڕیاردانیـان کـردوە، کـە لـە هەمـوو حکوومەتـە یەکلەدوایەکـەکانی عێراقـی دوای سـەدام حسـێن لاوازییەکـەی ڕەنگـی داوەتـەوە و نەیتوانیـوە ئـەو ڕێگەچارانـە پێشـکەش بکات، کـە عێـراق لـە کەنـاری هەڵدێرانـەوە بـەرەو سـەقامگیری بەرێـت تـا دۆخەکـە گەیيشـتە ئاسـتێکی هێنـدە دژوار سـیمایەکی تـری خۆپیشـاندانەکانی عێـراق بریتییـە لـە خۆبەتاڵکردنـەوە لـەو هەمـوو بێهیواییـە کەڵەکەبـووەی هەیـە، کـە لـە بنەڕەتـدا لـە ڕۆژگارەکانی حکوومـەتی نـوری مالیکـی-وە سـەریان هەڵـداوە، پاشـان لـە سـایەی حکوومەتەکـەی حەیـدەر عەبـادی-دا زیاتـر کەڵەکـە بـوون، بەڵام ئەنجامـە پێشـبینیکراوەکانی خۆپیشـاندانەکانی ئـەو سـەردەمە و ئـەم سـەردەمەی ئێسـتا لـە یەکـتر ناچـن، چونکـە بـاردودۆخ و ئایینـدەی بـوونی پێگـەی بیـانی لـە گۆڕەپـانی عێـراق و شـێوازەکانی مامەڵەکـردن لەگـەڵ گۆڕەپانـەکانی خۆپیشـاندان و تەمـەنی نـەوە بەشـداربوەکانیش بـە هەمـان شـێوە جیاوازیـی هەیـە. نـەوەی پێداگریـکار لـە سـەر ئەنجامـدانی گـۆڕان، کـە هەر لـە قۆناغـی منداڵییـەوە لەگـەڵ ئـەو بێهیواییـە ڕاهاتـوون و ئێسـتا ئـەم نەوەیـە گـەورە بـوە و پێگەیيشـتوە و توانـای دەرککـردنی بـە چـاک و خـراپ هەیـە، هەروەهـا لەسـەر خۆبەڕێوەبـردن و دیاریکـردنی ئاراسـتەکانی کارکـردن بـە بەکارهێنـانی سۆشـیال میدیـا ڕاهاتـووە، کـە هیـچ سـەر و ڕابەرێکـی کلاسیکی و لایەنێکـی حکوومـی ناتوانێـت کۆنترۆڵـی بـکات، لەبـەر ئـەوە دەبینیـن خۆپیشـاندانەکان هیـچ سـەر و سـەرکردەیەکی نـاسراو و سپۆنسـەر و لایەنێکـی سیاسی نییـە، کـە ئاراسـتەی بـکات و لـە پشـتیەوە بوەسـتێت و ئاراسـتەی بـکات، بۆیـە خۆپیشـاندانەکانی تشرین بـە هەمـوو پێـوەرەکان لـە خۆپیشـاندانەکانی پێشـووی خەڵکـی عێـراق لـە دژی گەندەڵـی و ستەمکاری و بێباکـی دەسـەڵاتداران جیـاوازە.

لـە ڕاسـتیدا ئەمـە فاکتەرێکـە هێـزی جۆشـدانێکی زیاتـری بـە خۆپیشـاندانەکان بەخشـیوە، بـە تایبـەتی لـە بەغـدای پایتەخـت، کـە لـە بەرژەوەندیـی هێـزە ئەمنییـە پەیوەندیدارەکانـدا نییـە، بـە تایبـەتی دوای ئـەوەی سـەرکەوتوو نەبـوو لـە دۆزینـەوەی کەسـانێک تـا مامەڵەیـان لەگەڵـدا بـکات، جگـە لـە گەنجانێکـی زۆر نەبێـت، کـە لـە تەمـەنی گوڵـدان و ناخیـان پـڕە لـە گیـانی بەرەنگاربوونـەوە و خواسـت بـۆ گۆڕانـکاری، بـەو شـێوەیە ڕەفتـار دەکـەن، کـە خۆیـان پێیـان باشـە و زۆر ئازادانـە بـە هەسـتێکی بەهێزەوە دەیانەوێـت و هیـوا بـۆ نیشـتیمانێکی پـڕ دادپـەروەری و پـڕ هیـوا و بەدیهێنـەری ئاواتەکانیـان دەخـوازن.

لەدەسـتدانی متمانـە بـە دەسـەڵات گەورەتریـن خاڵـی هاوبەشـە بـۆ پەرەسـەندنی خۆپیشـاندانەکانی خەڵکـی عێـراق، لـە کاتێکـدا ئەگـەر دەوڵـەت هیـچ ڕێگەچارەیەکی بەپەلـە نەدۆزێتـەوە بـۆ نەهێشـتنی ناڕەزایەتییـەکان، بۆیـە گەیيشـتوەتە دۆخێکـی دژوار، کـە ئیـتر ناتوانێـت پێشـبینی بـکات.

**سەرچاوەکان:**

**سـایتی ڕۆژنامـەی (المثقف)، سـایتی (الصباح)، سـکای نیـوز عەرەبی**

IDEA
DIPLOMATIC

# ئاییندەی حەشدی شەعبی لە عێراق لە نێوان هاوکێشەی سەروەری دەوڵەت و ململانێی تەوەرە دەسترۆیشتووەکاندا



یەکەی توێژینەوە سیاسییەکان

**ئابی 2019 هێرش کرایە سەر بارەگاکانی حەشدی شەعبی لە عێراق، گومان دەکرێت ئیسرائیل لە پشت ئەو هێرشانەوە بێت، کە هاوکات بوو لەگەڵ فشاری ئەمەریکا تا حەشدی شەعبی بخرێتە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی عێراقەوە و لە کاریگەریی ئێران دوور بخرێنەوە. لە ڕاستیدا ئەو بەئامانجکردن و هێرشانە ترسی لای سیاسەتمەدارانی عێراق دروست کرد، نەبادا عێراق ببێتە گۆڕەپانی ململانێیەکی نێوان ئەمەریکا – ئیسرائیل لە لایەك و ئێران لە لایەکی تر. بە دیوێکی تردا ئەو هێرش و پەلامارانە بۆ سەر بارەگاکانی حەشدی شەعبی دووبارە بابەتی ئاییندەی ئەو هێزانەی هێنایەوە بەرباس و ئەو پرسیارەی ورووژاندوە، کە ئایا عادل عەبدولمەهدی سەرۆکی حکوومەتی عێراق تا کەی دەتوانێت بەردەوام بێت لە دەستپێوەگرتنی گۆچانەکە لە ناوەڕاستیەوە، لە کاتێکدا فشارەکانی ئەمەریکا و ئێرانییەکان لە سەر عەبدولمەهدی لە هەڵکشاندایە بۆ ئەوەی هەڵوێستی جددیی لە بەرانبەر ئەو ئاستەنگە وەربگرێت.**

## سەردانی مایك پۆمپیۆ بۆ بەغدا و وەڵامدانەوەی تاران

بەئامانجگرتنی حەشدی شەعبی لە دوای سەردانە کتوپڕەکەی مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بوو بۆ بەغدا لە ئایاری 2019دا، پۆمپیۆ لەو سەردانەیدا زانیاریی گرینگی داوە بە عادل عەبدولمەهدی دەربارەی ئەو مووشەکانەی ئێران ڕادەستی هێزەکانی حەشدی شەعبی کردوون، کە ئاستی تیژڕەویی هەندێکیان دەگاتە 700 کیلۆمەتر، بۆیە ئەم گەشەکردنە سنووری بێلایەنیی عێراق دەبەزێنێت لە چوارچێوەی قەیرانی بەردەوامی نێوان تاران و واشنتۆن. پۆمپیۆ بە ئاشکرا هەڕەشەی ئەوەی کردوە، ئەگەر بەغدا ئەو مووشەکانە لە حەشدی شەعبی دانەماڵێت، ئەوە ڕووبەڕووی وێرانکردنی دەکاتەوە. پێشبینی دەکرێت ئەو فشارانەی واشنتۆن بوو لە پشت دەرکردنی مەرسوومێکی تێروتەسەل لە تەمووزی 2019 بۆ لکاندنی هێزەکانی حەشد بە سوپای عێراقەوە، کە بە کۆتاییهاتنی لە ڕووی سەرکردایەتی و یەکەسەربازییەکانەوە بە تەواوی لە ناو هێزەنیزامییەکانی عێراقدا کۆتایی پێ دێت. عەبدولمەهدی لە مەرسوومەکەیدا گوتی، کار بۆ پاراستنی حەشدی شەعبی دەکات لە گرفتی ناوخۆیی و دەرەکی، لە ئاماژەیەکی ڕووندا بۆ ئەو فشارانەی، ڕووبەڕووی حکوومەتەکەی دەکرێتەوە سەبارەت بە مانەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی هاوکات لەگەڵ هەڵکشانی زیاتری قەیرانی نێوان ئەمەریکا-ئێران. هەر چەند زۆربەی گروپەکانی سەر بە حەشدی شەعبی لایەنگری مەرسومەکەی عەبدولمەهدی دەکەن، بەڵام هێزێکی نزیک لە ئێران، کە بریتییە لە (کەتائیبی حیزبوڵڵا) بەیاننامەیەکی پێچەوانەی دەرکرد و سەرکۆنەی هەڵوێستی حکوومەتەکەی عەبدولمەهدیی کرد و بە چۆکدادانی بۆ پیلانگێڕیی ئەمەریکا لە بەرانبەر هێزەکانی حەشدی شەعبی دایە قەڵەم.

ئاریشە ناوخۆییەکانی حەشدی شەعبی و پێوەندییان لەگەڵ دەوڵەت

دوای ئەوەی شاندێکی جووڵانەوەی (النجباء) لە 6ی ئاب سەردانی تارانی کرد، ناوچەی ئەبوودەشیر لە باشووری بەغدا لە 12ی هەمان مانگدا تەقینەوەی کۆگاکانی چەک و مووشەکەکانی سەر بە میلیشیاکانی حەشدی بە خۆوە بینی، هەر ئەو ساتە گومان خرایە سەر ئیسرائیل لەو کارە. لە هەمان کاتدا یووسف ئەلناسری، سەرکردەی جووڵانەوەی (النجباء) داوای هەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراقی کرد و بە سوپایەکی (بەکرێگیراو) وەسفی کرد، داوایشی کرد تەنها پشت بە هێزەکانی حەشدی شەعبی ببەسترێت بۆ پارێزگاریکردن



## ئەنجادانی چاکسازی و گۆڕینی دەسەڵات دروشمی پانی خۆپیشاندانەکانە

لە عێراق، ئەمەیش نارەزایەتییەکی بەرفراوانی بە دوای خۆیدا هێنا و زۆرێک لە سەرکردەکانی حەشدی شەعبیی ناچار کرد بێبەریبوونی خۆیان دەرببڕن.

چەند ئاماژەیەک لە سەر شانۆی سیاسیی عێراق بەم دواییە دەرکەوتن سەبارەت بە هەبوونی دابەشبوون لە ناو دەستەی باڵای حەشدی شەعبی تایبەت بە هەڵوێستوەرگرتن لە قەیرانی ئێران و دروستبوونی نیگەرانی لە هەمبەر زیادبوونی کێرفی بەئامانجکردنی هێزەکانی حەشد، کە سەرەتا لە ئامرلیی باشووری کەرکووک و پارێزگای دیالەی نزیک لە سنوورەکانی ئێران لە 19 و 28ی تەمووزی 2019 بە دوای یەکدا دەستی پێ کرد. ئەو تەقینەوانەی لە ناو بارەگا و سەربازگەکانی حەشدی شەعبی لە نزیک بنکەی ئاسمانیی بەلەد لە باکووری بەغدا لە 20ی ئابدا ڕوویان دا، بە ڕوونی بوونی ئەو دابەشبوونە پیشان دەدات.

ئەبوومەهدی موهەندیس، جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، تۆمەتێکی ڕاشکاوانەی ئاراستەی ئەمەریکا و ئیسرائیل کرد، کە لە پشت ئەو پەلامارانەوەن، بەڵکوو هەڕەشەی وەڵامدانەوەی کرد بە چەکی «زۆر پێشکەوتووتر». پاشان فالح ئەلفەیاز، سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی بەیاننامەیەکی دەرکرد و خۆی بێبەری کرد لە لێدوانەکانی جێگرەکەی، بەڵکوو لێدوان و هەڵوێستی لەم بارەیەوە بەستەوە بە سەرۆک وەزیرانی عێراق یان هەر کەسێک سەرپشکی دەکات لێدوان لەو بارەیەوە بدات. ئەمە بۆ خۆی گورزێکی ڕاستەوخۆ بوو بەر ئەبوومەهدی موهەندیس کەوت، کە خاوەنی پێگەیەکی بەرفراوانە لە بەغدا و وەک نوێنەری قاسم سولەیمانی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

## پێکهاتە و بەشەکانی حەشدی شەعبی

بە گشتی هێزەکانی حەشدی شەعبی بە سەر 3 بەشدا دابەش بوون:

بەشی یەکەم: ڕاستەوخۆ لە دوای داگیرکردنی چەند ناوچەیەکی فراوانی باکووری خۆرئاوای عێراق لە لایەن ڕێکخراوی داعش لە حوزەیرانی 2014 دامەزراوە، کە چەکدارانی خۆبەخش بۆ پاڵپشتیکردنی سوپای عێراق دەگرێتە خۆ وەک ئەوەی عەلی سیستانی مەرجەعی باڵای شیعەکان لە نەجەف باسی کردوە، هەروەها چەکدارانی سەر بە پیاوی دینی موقتەدا سەدر و عەمار حەکیم ڕابەری ڕەوتی ئەلحیکمە بەشێکی ترن لەم هێزانە.

بەشی دوەم: بریتین لەو میلیشیایانەی لە پێش ئەو مێژوە دروست بوون و بەوە ناسراون، ڕۆڵیان هەیە لە شەڕی سووریا و پشتیوانیکردنی ئەسەد و زیاتر بە (حەشدی وەلائی) ناسراون، کە باوەڕیان بە قەڵەمڕەوی ڕابەری باڵای ئێران عەلی خامنەئی و سەرکرایەتییەکەی هەیە.

بەشی سێیەم: ئەم بەشە تێکەڵەیەکە لەو چەکدارانەی سەر بە بەرپرسان و سیاسییەکانی عێراقن، وەک نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی پێشووتری عێراق و سەرکردە سوننەکانی وەک مەشعان جبوری و ئەسیل نوجێفی. لە ڕاستیدا هەر یەکە لەمانە هەڵوێستی جیاوازیان هەیە بە پێی بەرژەوەندییەکانیان. کێشەی حکومەتی عێراق لەگەڵ بەشی دوەمی هێزەکانی حەشدی شەعبییە، هەر چەند ژمارەیشیان کەمترە، بەڵام خاوەنی چەک و جبەخانەی گەورەتر و مەشق و شارەزایی باشترن و یەکەکانی (کۆمانۆز)ی هەیە، کە لە عێراق و سووریا پێگەیان هەیە.

## شەڕی بە لەجیاتی

پرۆسەی بەئامانجکردن و هێرشکردنە سەر هێزەکانی حەشدی شەعبی پاڵی بە عادل عەبدولمەهدی سەرۆکی حکومەتی عێراق نا، تا چەند هەنگاوێک بگرێتە بەر بۆ دانانی کۆتوبەندی جۆراوجۆر لە سەر چالاکیی میلیشیاکان. پێدەچێت جووڵانی عەبدولمەهدی لە ژێر فشاری هەڵوێستەکانی ڕای جەماوەریدا بێت، کە داوای ڕوونکردنەوەی ڕاستەقینە دەکات سەبارەت بە هۆکاری تەقاندنەوەی کۆگاکانی حەشدی شەعبی و ئەو بەیاننامە توندانەی لە لایەن موقتەدا سەدر و عەمار حەکیم دەرکران، کە داوایان لە حکوومەتی عێراق کرد لەم دۆسیەیەدا هەڵوێستێکی ڕوونتری هەبێت. سەدر لە 30ی ئابی 2019دا هەڵوێستی خۆی لەوەدا کورت کردەوە، پێویستە بە سەرپەرشتیی نێودەوڵەتیش لێکۆڵینەوە بکرێت، هاوکات لەگەڵ ئەگەری تێوەگلانی ئیسرائیل لە بۆردومانکردنی کۆگاکانی چەکی حەشدی شەعبی، هۆشداریشی دا لە لێدوانی سۆزدارانە و داوای کرد عێراق دوور بخرێتەوە لە لەئەستۆگرتنی باجی بێبنەما، لە ئاماژەیەکدا بۆ هەڵوێستی ئەو هێزانەی لەگەڵ سیاسەتی ئێران کۆکن، بەڵام عەمار حەکیم بە ئاشکرا داوای کرد وڵاتەکەی نەکرێتە کۆگای چەکی هیچ دەوڵەتێک، لە ئاماژەیەکدا بۆ ئێران، هەروەها داواشی کرد ئاسمانی عێراق نەبێتە کاروانسەرای فڕۆکە بیانییەکان بۆ لێدانی دەوڵەتێکی تر، لە ئاماژەیەکیدا بۆ ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. لە ڕاستیدا ئەمە پێشکەوتنێکی سەرنجڕاکێشە لە هەڵوێستی سەرکردە شیعە عێراقییەکان، کە ڕازی نین عێراق بکرێتە گۆڕەپانی شەڕی نێوان ئێران و هاوپەیمانەکانی لە لایەن و واشنتۆن و هاوپەیمانەکانی لە لایەکی ترەوە، ئەمەیش بۆ خۆی ئاماژەیەکی بەرچاوە لە سەر هەبوونی بەرەیەکی شیعیی سیاسیی عێراقی، کە سەر بە ئێران نییە.

## کوژانەوەی گڵۆپی حەشد

هاوکات لەگەڵ پەلاماردانی خاکی عێراق لە لایەن داعش لە هاوینی ساڵی 2014، حەشدی شەعبی بە هەموو هێز و پێکهاتەکانیەوە پشتیوانییەکی جەماوەریی بەرفراوان و گەورەی لێ کرا، بە تایبەتی

لە لایەن شیعەکانی باشووری عێراقەوە، ئەوەیش لە ئەنجامی شکستهێنانی سوپا لە بەرەنگاربوونەوەی چەکدارانی داعش لە موسڵ و ناوچەکانی خۆرئاوای عێراق، بەڵام پرۆسەی دووبارە بونیاتنانەوەی سوپای عێراق، کە لە شەڕەکانی ڕزگارکردنی موسڵ لە دەستی داعش لە ساڵی 2017دا گەیشتە لوتکە، دووبارە شکۆ بۆ سوپای عێراق و هێزی بژاردە گەڕایەوە لەبەر دیدی هەموو گەلی عێراق، لە بەرانبەریشدا پێگەی جەماوەریی هێزەکانی حەشدی شەعبی پاشەکشەی کرد لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕووبەڕووبوونەوە سیاسییانەدا، کە بوونە هۆی شکستی حکوومەتەکەی حەیدەر عەبادی و پاشان ڕووخانی، بەڵام هێز و تاقمەکانی سەر بە ئێران لە دەرفەتێکی نوێ دەگەڕان تا دووبارە بیانگەڕێنێتەوە بۆ ڕیزی پێشەوە، هەر بۆیە قەیرانی گەرووی هورمز-یان بە دەرفەتێکی گرنگ زانی لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکەیان، ئەوەیش بە پاڵنەری ئێران بوو تاکو چەکدارە عێراقییەکان هەڵبنێت ڕۆڵی باڵا بگێڕن لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ واشنتۆن، بە تایبەتی هاوکات لەگەڵ هاتنەناوەوەی ئیسرائیل بۆ ناو هێڵی قەیرانەکە. لە دیدی عێراقییەکاندا، ئیسرائیل بە دوژمنێکی مێژوویی دادەنرێت، چونکە زەوی عەرەبی لە فەلەستین داگیر کردووە و عێراق لە ساڵەکانی 1948 و 1967 و 1973 بەشداریی شەڕەکانی لە دژی ئیسرائیل کردووە، تا دەکاتە بۆردومانکردنی دەزگای ئەتۆمی عێراق لە ساڵی 1981 لە لایەن ئیسرائیل و موشەکبارانکردنی ئیسرائیل لە لایەن عێراقەوە لە کاتی شەڕی کەنداوی ساڵی 1991.

لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، ئاراستەیەکی عێراقی سەری هەڵداوە ئەوە قەبووڵ ناکات کە چەند لایەنێکی دەرەکی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی ئیسرائیل بڕیاری نیشتمانیی عێراق قۆرخ بکەن. ئەم ڕەوتە سەرکۆنەی دەستدرێژییەکانی ئیسرائیلی کرد سەرەڕای پاساوەکانی لە لایەک، بەڵام لە لایەکی ترەوە ڕازی نییە ئێران لە باقی عێراق بڕیار لەسەر شوێن و کاتی ڕووبەڕووبوونەوە بدات، کە خزمەت بە ئەجێندایەکی ناعێراقی دەکات، کە ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە هەوڵدانی ئێران تا عێراق بخاتە ناو شەڕێکی بە لەجیاتی لە ڕێگەی پێدانی مووشەک، کە بۆ بەرگریکردن لە ئێران بە کار دەهێنرێت نەوەک عێراق.

سەرئەنجام پاشەکشەکردنێکی گەورە لە پێگە و لایەنگیریکردنی میلیشیاکاندا دروست بوە، بەو هۆیەوە ئایەتوڵڵا کازم ئەلحائیری، کە لە ئێران نیشتەجێیە فەتوایەکی دەرکردوە و بە پێویستی دەزانێت هێزەکانی حەشدی شەعبی لەو بەرەنگاربوونەوەیەدا بپارێزرێن، تەنانەت ئەگەر پێویست بە ڕاگەیاندنی شەڕیش بکات لە بەرانبەر هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، بەڵام ئەم فەتوایەی ئەلحائیری تەنانەت لە نێو ئەو جەماوەرەیشدا، کە لە ڕووی دینییەوە پابەندە گرنگیی پێ نەدرا، بەڵکوو گۆڕا بۆ هۆکارێکی پێچەوانە بۆ هێرشکردنە سەر ئەلحائیری و گەییشتە ئاستی گاڵتەپێکردنی، بە جۆرێک کە سەرکردەیەکی دیاری حەشدی شەعبی وەک قەیس خەزعەلی ناچار بوو بانگەوازێک دەربکات و داوا بکات ڕێز لەو پیاوە دینییە بگیرێت. لەمەیش زیاتر ئەلحائیری

**پاشەکشەکردنێکی گەورە لە پێگە و لایەنگیریکردنی میلیشیاکاندا دروست بوە، بەو هۆیەوە ئایەتوڵڵا کازم ئەلحائیری، کە لە ئێران نیشتەجێیە فەتوایەکی دەرکردوە و بە پێویستی دەزانێت هێزەکانی حەشدی شەعبی لەو بەرەنگاربوونەوەیەدا بپارێزرێن، تەنانەت ئەگەر پێویست بە ڕاگەیاندنی شەڕیش بکات لە بەرانبەر هێزەکانی ئەمەریکا**

هیچ سەرکەوتوو نەبوو لە کۆکردنەوەی پشتیوانی بۆ هێزەکانی حەشدی شەعبی.

### سیاسەتەکانی عەبدولمەهدی

ئەوەی فۆکسی زۆر خراوەتە سەر ئەو ململانێیانەیە، کە ئێستا لە سەر شانۆی عێراق لە نێوان تاران و واشنتۆن بەردەوامە، بە تایبەتی لە سەر ڕۆڵی عادل ئەبدولمەهدی. ئەو لە لایەک ئاراستەی ئیسلامییە، سیاسییەکی عێراقی نزیکیشە لە تاران، بەڵام لە لایەکی ترەوە خۆی بە ناسیۆنالیستێکی عەرەبی دەزانێت، پێش ئەوەیش کەسێکی چەپ بوە و بەشێک لە ژیانی لە وڵاتانی خۆرئاوا بە سەر بردوە و تێکەڵی بوە. لە کاتێکدا نەیارەکانی بە لایەنگریکردنی ئێرانی دەزانن، سوپای پاسداران ئەو ئاماژانەی بۆ دەنێرێت کە هێمایە بۆ ڕازی نەبوون لە زۆرێک لە هەڵوێستەکانی. لە ڕاستیدا عەبدولمەهدی بە هێواشی سەرژمێریی ئەو هێز و تاقمانە دەکات کە سەر بە ئێرانن، لە هەمان کاتیشدا پشت دەبەستێت بەو بەشەی حەشد، کە لە هەڵوێستەکانی خۆیەوە نزیکن، لە لایەکی تریشەوە هەڵوێست وەردەگرێت لە دژی ئابلۆقەدانی ئێران و بەئامانجکردنی، لەبەر ئەوە سەرۆکی حکوومەت لە چەند بۆنەیەکی جیاوازدا خۆی دەبینێتەوە، کە ناچارە ئەو بڕیارانە بدات، کە پێگەی ئێران و جووڵەی واشنتۆن سنووردار دەکات، بۆ نموونە وەک بڕیاری دەرکردنی کۆگاکانی چەکی حەشدی شەعبی لە ناو شارەکان و بڕیاری قەتیسکردنی مۆڵەتی فڕۆکەوانی جەنگی ئەمەریکا لە دەست نووسینگەکەی خۆی، بە تایبەتی لە دوای ئەو تەقینەوەیەی سەربازگەیەکی حەشدای لە بەلەد کردە ئامانج. عەبدولمەهدی ڕووبەڕووی گرفتی زیاتریش بوەتەوە لە ڕووی بەردەوامبوون لە سەر ئەم پەیڕەوەی، کە بە هۆیەوە متمانەی ئێران لە دەست دەدات و متمانەی واشنتۆنیش بە دەست ناهێنێت. لە هەمان کاتدا عەبدولمەهدی ڕووبەڕووی فشارێکی زیاتر بوەتەوە لە لایەن ڕای گشتیی عێراقی و پیاوانی دینی ناوداری وەک موقتەدا سەدر و عەمار حەکیم و هێزە سیاسییەکانی ترەوە، چونکە لە دژی هێزەکانی حەشدی شەعبی دەستی بە جووڵە کردوە، نەک تەنها سەبارەت بە دۆسیەی چەکەکان، بەڵکوو بە هۆی گەشەسەندنی ڕۆڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریيان لە ناوچە ئازادکراوەکان لە دەستی داعش، بە تایبەتی موسڵ. لەم قۆناغەدا ئێران هەوڵ دەدات بارگرژییەکە لە نێوان عەبدولمەهدی و باڵەکانی حەشدی شەعبی سەر بە خۆی هێور بکاتەوە، ئەوەیش لە ترسی ئەوەی عەبدولمەهدی بچێتە پاڵ واشنتۆن لە بارودۆخی ڕوودانی بەرەنگاربوونەوەیەکی هەستیار لەگەڵ ئێران، هەر ئەمەیشە هۆکاری بێدەنگبوونی ئەبوومەهدی موهەندیس بە شێوەیەکی کاتی لە پێناو خۆپاراستن لە ڕووبەڕووبوونەوەیەک لە داهاتوودا.

دوای ئەوەی عێراق لە چوارچێوەی بەرەنگاربوونەوەی ڕێکخراوی داعش یەکبوونێکی نیشتمانی پیشان دا و دەستی کرد بە بونیادنانەوەی دامودەزگاکانی، بەڵام ناکۆکییەک سەبارەت بە پرسی سەروەریی عێراق لە بەرانبەر هەر دوو پێگەی ئێرانی و ئەمەریکیدا سەری هەڵداوە «بە ئەندازەیەکی کەمتریش سعوودیە لە هەوڵەکانی بەردەوامە تا پێگەیەک بۆ خۆی لە عێراق دروست بکات». هەروەها بابەتی وابەستەیی سیاسیی حەشدی شەعبی یەکێکە لە گرنگترین شێوازەکانی کێشە و ململانێ، کە بە دڵنیاییەوە کاریگەرییەکی بەهێزی لە سەر ئایندەی عێراق و لەوانەیشە لە سەر خۆرهەڵاتی عەرەبی بە گشتی دابنێت.

**سەرچاوە:**

**ماڵپەڕی (المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات)**

**https://www.dohainstitute.org/AR/Pages/index.aspx**